# ئه نقه ره و دڕدۆنگبوون له ئاست داهاتووی ئێراق

نووسه ر: محه مه د عه لی بیراند*
وه رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

یاسای بنچینه یی(ده ستوور) ئێراق به لای زۆربه ی شاره زایانه وه،وه ک سه ره تاییک بۆ ده سپێکی گۆڕانکارییکی ئه رێنی و جیاواز له مێژووی داهاتووی ئه و وڵاته دا، ئێراق هه تا بۆ پله ی پێشه نگی بزاقه کانی ڕوو له گه شه و په ره خواز به رز ده کاته وه.
شاره زایان ئه ڵێن بێتوو ئه و پرۆسه و ڕه وته درێژه ی بێت، ئێراق فره ی پێ ناچێ ئه بێته وڵاتێکی دارا، پێشکه وتوو و دیمۆکرات، له ڕێی دابه شکردنی دادوه رانه ی ده سه ڵاتیشه وه، شه مه نده فه ری دیمۆکراسی په رله مانی له و وڵاته دا هێدی هێدی ئه که وێته سه رهێڵه که ی خۆی و به له زیش به ره و پێشه وه ده چێ.
ئه رچی هاتنه دی وا هه ل و مه رجێک نه ختێ گران و زه حمه ته ،لێ ئه وه ی وترا دیوه جوانه که ی ئه و ملوانکه یه که ئه و دیوه که ی ڕه ش ده نوێنێ.
ترکیا وێڕای ڕه زامه ندی ده ربڕین له حاند نێوه رۆکی ڕه شنووسه که ی یاسای بنچینه یی ئێراق، ڕایگه یاندووه ئه وه ی بێته مایه ی په رۆشی ئه نقه ره ،له و یاسادا نابینرێ.
به لام ئایا واقیعیش ده گه ڵ ڕوانگه ی کاربه ده ستانی ئه نقه ره دادێته وه؟ له ئێراقدا نه کورده کان خه ونی سه ربه خۆیی خۆ له بیرده که ن،نه شیعه کان ده س له سووربوونی خۆ له سه ر جێ وه جێ کردنی یاساکانی شه رع، هه ڵده گرن و نه سوننه ش واز له ده سه ڵات دێنن. ئه وه ی وه ک ڕه شنووسی ده ستووری ئێراق ئاماده کراوه، ده قێکه بۆئاشتی و ساچاندنی نێوان گرووپه کانی ئێراقی؛ سازانێکی کاتی بۆ سه لماندنی ئیراده ی خۆ به لای دونیاوه.
ئه و ڕێککه وتنامه ی به مه به ستی وه لانانی ئه مریکییه کان له شانۆی ده سه ڵاتی ئێراق،نووسراوه و په سن که رانیشی بۆچوونێکی وایان له زه یندایه : "سه ره تا ده بێ هه وڵ بده ین ئه مریکییه کان ئێراق چۆڵ بکه ن یان هێزی سه ربازی خۆ که م بکه نه وه.پاشان بۆ خۆ ده سه ڵات ده گرینه ده س و ئه و ده مه یه که یاری ڕاسته قینه ده س پێ ده کات :
هه رکێ به هێزتر بێت ، یارییه که ده باته وه."
من لام وایه ئێراق وا له نێو ڕه وشێکی پڕ زه حمه ت و قه یرانی دا:
کورده کان ده توانن سه ربه خۆیی خۆ ڕابگه یینن، شیعه کان له ده ستیان دێ یاساکانی شه رع لانیکه م له چوارچێوه ی هه رێمه که ی خۆداجێ وه جێ بکه ن و سوننه ش ئه توانێ له ناوچه کانی ژێر ڕکێفی خۆیدا ده سه ڵاتی خۆ بنوێنێ. یانێ ده کرێ بڵێین ئێراق به ره و شه ڕێکی نێوخۆیی ده چێته پێش، شه ڕێک ده کرێ به سناریۆیێکی تاڵ بۆ ئێراق،ترکیا و وڵاتانی دی ناوچه ی له قه ڵه م بده ین.
نابێ له بیر بکرێ قۆناخی ده سپێکی ده ستووری ئێراق که وتۆته گه ڕ.

هه ر ئه و بارودۆخه ده بێته مایه ی ئه وه ی ئێراقییه کان هه مدیس خودانه تی وڵاته که یان وه ده س بخه نه وه، له ئاکامیشدائه مریکا ژماری هێزه کانی له و وڵاته دا که م ده کاته وه.
هه ر سێ ئالی خودان ده سه ڵات له ئێراق ،ئه مڕۆکه ئامانجیان ئه وه ئه مریکا له خاکی وڵاته که یان بچێته ده ر، به ڵام پڕ ڕوونه هه ر سێک ئالی خودان ده سه ڵات ، سبه ی ده که ونه دووی ئامانجه کانی خۆ.
بێژی له نێوان شیعه کاندا ورده حسێباتی خوێناوی ڕوو بدات یان نه خێر ئه وان دووی ڕێگه چاره ی ئاشتیخوازانه ده که ون؟
ئایا کورده کان له به ر بیره نه وتییه کانی که رکووک ، ئه و ناوه له ده س خۆ ڕا ده گرن یان بۆ گه یشتن به سه ربه خۆیی ، به گژ تورکمان و شیعه کاندا ده چن؟ بڵێی پاراستنی یه کپارچه یی خاکی ئێراق لای کورده کان ئه وبه رتر له سه ربه خۆیی لای ئه وان بێت؟ئایا سوننه که له دووی ده وڵه تێکی لائیکن و پێویستیان به به ره به شێکی به رانبه ر له نه وتی ئێراق هه یه ، به گژ شیعه کاندا ده چن یان له به ر قه تیس مانه وه له ناوچه کانی ژێر ده سه ڵاتی خۆدا، بۆجێ وه جێکردنی نه خشه کانی داهاتووی خۆ، ده که ونه به هێزکردنی خۆیان؟ وه رامی ئه و هه موو پرسیاره به نه به داهاتووی ئێراقه وه.
که سانێکی مینا من که زۆر جاران سه ری ئێراقم داوه ، چاک ئاگاداری ئه وه ن ئه رچی ئێراق ته نیا وڵاتی چاره ڕه شی دونیا نییه ،به ڵام نموونه ی ئه م وڵاته ش له دونیادا که مه.
ئێراق به ڕێوه به ری کارامه و بلیمه تی زۆره. ئه م وڵاته پڕیه تی له شوێنه واری دیرۆکی گرانبایی و جوان. داهاتی نه وته که ی ئێراق به شی ئه وه نده ی ده کات 14 ملوێن که سی پێ بژێنی.
ئێراق دووه م پاشه که وتی هه ره گه وره ی نه وتی دونیای له ده سدایه ،به ڵام سه رباری ئه و هه موو ده سکه وته ، ئێراق وڵاتێکی چاره ڕه شه.
سه دام سه ره تا گه لی ئێراقی تووشی شه ڕێکی 8 ساڵه ده گه ڵ ئێرانییه کان کرد،پاشان په لاماری کوێتی دا. ئێسته ش ئه مریکییه کان به ناو بۆ ڕزگارکردنی گه لی ئێراق، له نێو وڵاته که یان دان، هه ر ئه وه ش به ستێن خۆشکه ره بۆ کێشه یێکی مه زنتر.
ئێستا هیوای ئێراق به دوا ڕۆژه...داهاتوویێک به به رجه وه ندێکی ته ماوییه وه. ترکیاش که نه یده ویست وه به ر لێزمه ی بارانه که ی سه دام بکه وێ، ئێستێ گیرۆده ی ده س ته رزه که ی ئه مریکایه .
هیچ شتێ به قه ده ر سه قامگیربوونی ده وڵه ت له ئێراق، به قازانجی ئه نقه ره نابێ. سه ربه خۆیی کوردستانی ئێراق، هاتنه سه ر ده وری حکومه تێکی دینی له به غا و شه ڕی نێوان شیعه و سوننه له ئێراقدامۆته که ی گیانی ئه نقه ره ی جیرانی باشووری ئێراقن و جارێ ئه نقه ره هیچ ڕێگه یێکی جگه له هیواداربوون به ڕه وتی ئه رێنی ڕووداوه کانی ئێراق ، له به رده مدا نییه .

* ڕۆژنامه نووسی به نێوبانگی ترک
وته یێک : ئه م بابه ته م له فارسییه وه کردووه به کوردی، وه رگێڕی
فارسی ئه م بابه ته به ڕێز ئایدین فه ره نگی (یه).
ژێده ر : ڕۆژنامه ی شه رق،یه ک شه مه 13 خه رمانانی 1384 هه تاوی،
سه رچاوه ی ترکی ئه م بابه ته: POSATA

14 خه رمانانی 2705 کوردی